شیعر

# ڕێحانە

نووسینی: بڵێسەی پایز

# رەیحانە

پەرچەمت ڕەیحانە

شێوەت لە گوڵانە

کچێکی ناسك و ڕۆح سووك

هەمیشە حەبیبی دڵانە

ئەپرسن ئەو کچە کێیە؟

وا لای من شاجوانی جوانانە

لەنجە و لارەکەی

مۆسیقایە، هونەری عاشقانە

پەرچەم ڕەیحانەی ناوە

شاجوانی کیژانە لەم ناوە

ئاواتم زەردەخەنەی ئەوە

هەتاوەکوو لەم ژیانە ماوە

# ملوانکە

خۆزگە ملوانکەیەك بام لە ملی تۆدا

نزیك، دراوسێ لەتەنیشت دڵی تۆدا

ئەستێرە،خۆر، ئاسمان هەمووی

جێ ئەبێتەوە لە ژێر لەچکەی تۆدا

خۆزگە ئەڵقەیەك بام لە پەنجەكانت

تا لە نزیکەوە دیتبام لار و لەنجەكانت

ئەو فرمێسکانەم یەك یەك سڕی با

لە خەفەتی مندا دەوەری لە چاوەكانت

خۆزگە سوراوەکەی لێوت من بام

تا هیچ کات لە باڵات دوور نەبام

هەمیشە لەسەر لێوت هەڵئەنیشتم

وەك باڵندەیەك مات بێدەنگ بام

# چەپکێك بۆ فاطمە

(فاطمە دوو چاوی مەستت پڕ تەلیسمی جوانیە)*

شێتم ئەکا چاوەکانت، پەرچەمت ڕەیحانیە

بەرگەی جوانیت ناگرم، لە ئاستی مندانیە

تۆ فریشتەی لەجوانی، کێ دەڵێ ئاوا نیە؟

(گەرچی دڵداری لەخاکی ئێمەدا ئەفسانەیە)

ئەوەی ڕێزی نەماوە قسە و باسی عاشقانەیە

برینی دڵی من چارەی نییە لەو دەردانەیە

تاکە دەرمانێ چارەی بکا نیگای ئەم چاوانەیە

(هەر بە تەنیا خۆشەویستی شك ئەبەم ئەی فاطمە)

بەهەشتم ناوێ و تەنها دڵی تۆ قیبلە و وڵاتمە

ئەمە هۆنراوەی (هەردی) نییە، کانیاوی هەستمە

چ هەستێکە چ نەستێکە تۆ دەستت لەناو دەستمە

(زۆر كەڕەت هانم دەدا داخی دەروونی پڕ گڕم)

چی بكەم نازانم زۆر سەرلێشێواو و دوودڵم

زۆر ئەترسم سۆز و خۆشەویستیت بۆ دەربڕم

نەكا قەدەر لێكمان بكا ببی بە وێرانەیەك لەدڵم

* (تێهەڵكێشكراو لەگەڵ هۆنراوەیەكی ئەحمەد هەردی)

# باران

بەدوای دڵۆپێك باران كەوتم

نەمتوانی بەردەوام بم كەوتم

هێزی جوانیت هەڵیساندمەوە

ئاگری عیشقت دایگیرساندمەوە

زوڵفت ڕوا لە كێوانی هەڵبەستم

لەجەمالی ڕووت سڕ بوو هەستم

باسی جوانیت بۆتە هەواڵی ژینم

ڕێگاكەت سەختە ئەی خاتوو زینم

ڕۆحم وا خەریكە دێت بۆ لات بە فڕین

هاتووە بە مەبەستی فرمێسك سڕین

هاتوە تا لای ببات ئەو لێزمەبارانە

پێشت بڵێ با بەس بێ ئەم دابڕانە

# ترێ

ئەی کچی شیرینم

(ترێ)ی لەدایك نەبوو

هێشتا دایکت بزره لێم

بەڵام من بۆتۆ ئەینووسم

نازانم دوودڵم، چیت پێ بڵێم

حەز دەکەم بێیتە دونیا و بتبینم

بەڵام

دڵم نایە گریانی تۆ برژێنم

لەم دونیا ئاڵۆز و زەحمەتەدا

کچێکی جوانی ناسکی وەك تۆ

دەبێ ژیان چۆن تێپەڕ بکا

کە پیر ئەبم و لەوێ نابم بۆتۆ

# پایز

گەڵا گەڵا بە دەورما سەما ئەکەن

هەڵئەوەرێن بۆ خەمەکانم

نازانن بۆچی و بۆ کێ وا ئەکەن

زەرد هەڵگەڕاوم وەکوو پایز

لە دووری چاوی جوانی ئازیز

لە گەرمای هاوینی دووری

سوتاوم بۆ دەقەیەك حزوری

ئێستاش لە پایزا نقوم بووم

وەکوو تایتانیك وون بووم

خەریکە ئەڕۆم بەرەو سەرما

لەگەڵ زستانیش بوو بە شەڕما

# تۆ وەرە

تۆ وەرە من پێویستیم پێتە

تەنیا کەوتووم دڵم لەژێر پێتە

هەموو دەم چرکە چرکە ئەژمێرم

چاوەکانم بە گریانەوە چاوەڕێتە

،

تۆ وەرە چ خەزانێکە دوور لەتۆ

چ تاریکایەکە ڕێگای من و تۆ

پڕ لە فرمێسك پڕ لە گریان

ئەمەیە ڕێگای گەیشتن بە تۆ؟

،

تۆ وەرە ژیان لە من تۆراوە

هەست و سۆزم لێدابڕاوە

بێزار بووم لە بێ تۆیی

بێزارم لە شیعر و هۆنراوە

تۆ وەرە جارێك تەنها جارێك

دابنیشین لەژێر دارێك

دڵمان تۆزێ خاڵی ببێ

خاڵی لە هەموو ئازارێك

،

تۆ وەرە ئەی گوڵ ڕێحانە

لە ڕۆژێك كە كەشەكە بارانە

تا بڵاو بێتەوە بۆنی پەرچەمت

شێتم بكات بەرامەی زوڵفانە

# گوڵ نێرگز

نێرگز گوڵ نییه!.

نێرگز پرچەکانته

نێرگز بۆنی نییه!.

نێرگز بۆنی زوڵفەکانته

نێرگز ڕەمزی بەهار نییه

نێرگز ڕەمزی چاوەکانته

نێرگز ڕەنگی سپی نییه!.

نێرگز ڕەنگی کوڵمەکانته

نێرگز له شاخا ناڕوێ!.

شوێنی نێرگز چاڵەکانته

وەسفی جوانی تۆ بەمن ناکرێ

ئەوەی گوڵە شەرمەزارته

# لاله

ئێواران خۆر ئەبینم ون ئەبێ

دەڕوا و چاوم دوای ئەو تاریك ئەبێ

نابینێ هیچ جوانێك هیچ گوڵێك

نە مانگەشەو دیارە نە ماڵی دڵێك

ئاسمان تەنراوە بە هەوری ڕەش

هەر دڵی منە لە نووری تۆ بێبەش

بۆ نایەی وەك لالە

بەتینی سۆزی گەرمت

بمسوتێنی وەك پەروانە

بە نووری دیدەت

تیماری کەی دڵی زامدارم

چونکە نیگات بۆ من دەرمانە.

# بگەڕێوە

تا ئەمجارە من جێت بهێڵم.

بگەڕێوە

با ئەمجارە تۆ دڵت بشکێت

بگەڕێوە

تا سەیری ئەم تابلۆیە پیسە بکەیت

کە بە هەنگاوەکانت کێشاوتە.

سەیری ئەم تاریکیە بکەی کە هێناوتە

دەزانم ڕۆژێك دێت و دەگەڕێیتەوە

بەڵام ئەمجارە شوێنپێی خۆت

نادۆزیتەوە

# مامۆستا

تۆ مامۆستای عەشقیت

مامۆستای جوانیت

ئەوین و سەرگەرمی

پسپۆری مەکر و نازیت

وانەی گوڵ ئەڵێیتەوە

پێم بڵێ

کەی دێیتەوە

تا ببم بە خوێندکاری ڕێگاکەت

سەعی بکەم لە جوانی نیگاکەت

چەند دێرت بۆ بنووسم بە پێنووس

بڕوا بکە هەرگیز پڕ نابێتەوە تێنووس

# بپرسە لێم

بپرسە لێم، هەر باسێك بێ لەگەڵت دێم!

چیمان بەسەرهات؟ چی هاتە سەر ڕێم؟

لەناو ڕۆحی ونبوو هەر بەدواتا بگەڕێم؟

تاکەی لەبەرامبەر زەمانەدا بچەمێم؟

بۆچی وەکوو وشەکان بشکێم؟

هەر تێیدا غەرق بم لە زووخاو و کێم؟

چی ئەکەم لێرە؟ لە چ شوێنێکەوە دێم؟

کوان وەڵامەکان؟ من بۆکوێ هەڵبێم؟

هیچ پەناگەیەك نییە؟ ئایا بێزارن لێم؟

نە داهاتوو دیارە، نە دیارە شوێنپێم!

بۆچی؟ لەکوێ؟ ئەسڵەن من کێم؟

بەڵام بۆ گوڵێك بەردەوام چاوەڕێم.

تا بە عەتری لاشەی وەڵام بدا پێم.

# میوان

که دڵمت شکاند، ڕۆیشتیت، بەڵام لە خەونمدا

میوانی هەمیشەییت

لە چاوانم وێنەت نەما، لە ڕۆحمدا هەر بەردەوامیت

لە قوژبنێکی دڵی شکاوم، هێشتا ماویت

سەیری پارچەکانی دڵم بکە

درزەکانی خۆت دێنە بەرچاوت

ئەوکات حەواڵەی دەریام بکە

نا نەبیستمەوە ئیتر ناوت

یان بمدە دەستی هەور، تا ببارێم وەك تەور

پارچە پارچەی بکەم ، ئەوەی بەڵێنی عاشقانە

بیسوتێنم هەرچی وشەی شاعیرانە

# فریشته

ئەڵێم بەهەشت هەر ئەوەیە ئێوارەیەك

لەگەڵ فریشتەیەك دابنیشی لە باخچەیەك

خۆر لە دەرەوە بێ، مانگیش لەبەردەمت

ڕووت گوڵە، گەڵاكانیش پەرچەمت

تەنها ئێوارەیەك پێكەوە بووین

یاساكانی ژیانمان پێچەوانە كردەوە

ئەی گەر دەستی یەكترمان گرت

كات دەوەستێت منداڵیمان دێتەوە

لە نێو گەڵاكانی زەردی پایزدا

بەهار دووبارە ئەنووسینەوە

لەسەر پەڕەكانی ڕۆژی نوێ

ئاوازی نوێ دووبارە ئەچڕینەوە

# چەند دڵۆپێك بۆ جوانیەکەت

ئەوەندە جوانیت

ناشیرینەکانتم خۆشدەوێت

قژت خاو بکەی یان نا، دێمە سەر ڕێت

ماکیاژ بکەی، پێت دەڵێم ماچم ئەوێت

ئەگەر نەشیکەی چ فەرق ئەکا گوڵم

من هەر تۆم دەوێت

باوەڕ ناکەیت، سوێندم بکەوێت

چەندە بنووسم بێسوودە، جامی شعرەکانم

هەرگیز پڕ نابێت

چی ئەبێت، جارێك سڵاو بکەی، یان بڵێ چیت ئەوێت

بۆ ئەوەندە لەخۆبایی؟

لەبەر ئەوەیە. ماچێکم ئەوێت؟

# لاڤێندەر

ئەڵێن گوڵێك هەیە لە ڕۆژئاوا

بابچین بۆلای. نیشتیمان ماڵئاوا

با بچین بۆ لای (لاڤێندەر)

مۆرگوڵی بە قەدر

پڕاو پڕ لە جوانی

وەك ماهی بەدر

ڕەنگە مۆرەکەی دڵ ئەکاتەوە

ناخۆشی و خەم بیر ئەباتەوە

بۆنێکی هەیە دڵ ئەهەژێنێ

خەیاڵ ئەبا و خەیاڵ ئەهێنێ

سەرتاپا مۆر داپۆشراوە ئەم خاکە

چەشنی ڕۆحی پەپولەیەك پاکە..

# نیگار

وەرە نیگارێ بکێشە

ئەی لە نیگار جوانتر

وەرە ڕۆحم بفڕێنە

ئەی لە گیان خۆشەویستر

ڕەنگەکان سەما دەکەن

سێبەرەکان دەبوژێنەوە

وەرە من ماندووم

ماندووم..نیگای تۆ لە کوێ بێنم؟

تینووی دڵی شکاوی پێ بشکێنم؟

# خۆشحاڵم

خۆشحاڵم کە تۆ نیم، بێوەفا نیم وەك تۆ

ڕقم لێت ئەبێتەوە، ئەی جوانی دڵڕەق

ئەم وتانەم تیایەتی، لە جۆرەها ڕق، ڕەق

بەسەر وشەکان

ئەمشەو هەڵی ئەڕژێنم

لە تورەیم لە دڵتەنگیم ئەبارێنم

وەك بروسك وەك گێژەلووك

دەنووسم بۆت ئەی نیاز بووك

ڕەنگە نەگات پێت. نەیخوێنیەوە

بەڵام واز ناهێنم، هەر ئەیڵێمەوە

تۆ بێوەفا بووی، دڵمت خستە ناو دەستت

ئاوڕ نادەیتەوە، چییە؟ ئێستا نەماوە هەستت!

# بلوزی پەمەیی

بلوزێکی پەمەیی لەبەرابوو

ئەدرەوشایەوە

ئەڵماس نەبوو، هەروەك فریشتە وابوو

لێی نزیك بوومەوە

هەروەکوو خەون وابوو، هەستمان تێکەڵ بوو

تەنیا ماچێك مابوو، لە دڵی منا هەرابوو

نازانم لای ئەو چی دەگووزەرا

پێئەکەنی، بزەی ناسك

عیشق پڕ، سۆزی لە دڵا بوو

بەڵام بوو بە ئێوارە

وەکوو جاران خۆر ئاوا بوو

ئیتر کاتی هات، درەنگە

دواین وشەمان ماڵئاوا بوو

# چاوشین

ڕوومەتی لا پەمەیی، بێگەرد

چاوی کاڵ. قژی ئاوریشمی زەرد

شینێکی کاڵ ڕەنگی چاوەکانی

لێوی ئاڵ. دەستە ناسکەکانی

باڵای ڕێك. شۆخ و شەنگ

ئەمهەژێنێ چاو شین ڕەنگ

بزەی ورد. شەرمنانە

هەر لەخۆت جوانە

جوانێکە لە شێوەی پەری

چ شێوەیەکە بەژن و کەمەری

......

من هیچم لەدەست نایە

جگە لە چەند وشەیەك

هەموو پیتەکانم لایە

چۆن ڕێکیان بخەم

بینووسم چەند وتەیەك

بۆتۆ چاوشین گیان

چاوانم پڕە لە گریان

# بەفر

لە سەحەرێکی سارد و سڕدا

لە قوژبنێکی دڵی خاڵیمدا

هاتە فکرم ڕووی گەشی پێکەنینت

دەم و چاوی سپی وەك بەفر

پڕ لە نهێنی و کۆد و شەفر

ساردە، بەیانیە، ئەڵێن بەفر دێ

ئەمما فایدەی چییە بەفر بباری

کە لە چاوانم تنۆك نەما

نێتە خواری

# Leçke

Le jêr asmanî leçkey reşt

Dîm rûy cwanî mangeşew

Le nêw deryay firmêskekant

Reşî tox çeşnî şew

Le serû ewanewe dû kewan

Tîr dehawêjn bo dllim

Legell kullmî geş û cwan

Herwekû gulln ey gullm

Çi nîgarêke xwaye? Ebê karî çi xallqêk bê?

Şacwanî mêjû, ebê kesî trî wa hebûbê?

# شاری گیانم

هەر تۆ بووی وەك چرا

ڕووناكت كردەوە شاری گیانم

هەر وەك مەشخەڵ هەڵكرا

بڵێسەی توانای هێز و ژیانم

تۆ هەموو ساتێك لەلامی

ئەی خۆری گەشی ئاسمانم

ئەگەر بمەوێ لەبیرت بكەم

دڵم پێم ئەڵێ هەرگیز ناتوانم

تۆش نەكەی دڵ تەنگ بی

چونكە تۆ تەنیا نی ئەی خانم

تۆ لە دڵی من جێگەت بەرزە

خۆشمدەوێی وەك چاوانم.

# ژیان

بریتیە لە خواردنەوەی چایەك لەگەڵ تۆ

دابنیشین پێکەوە بکەین گفتوگۆ

باس بکەین ناوی یەکەم مناڵ

کچە بۆ من و کوڕەش بۆتۆ

کچە ناو ئەنێم تریٚ

کوڕەش بە دڵی تۆ

ئیتر ژیان پڕ ئەبیٚ لە جوانی

پێکەوە بیلێین ئاواز و گۆرانی

پێبکەنین بە ڕووی ژینا

لەبیر بکەین خەمی دونیا.

شەممە، ٢٠١٩/٠٢/٢٣، شاری کۆیە